www.kurdistannet.org
23:34 2005-11-12بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئیبراهیم هات ئیبراهیم نەهات: هاولاتیان بۆ کوردستان نێت دەدوێن. . . ئەنجامدانیی دیمانەکان رزگار کۆچەر

ماوەیەکە هاولاتیان لەگەل پروپاکندەکانی کەنالەکانی ناوخۆو کەنالەکانی سەتەلایت چەندین پرسیارو قسەوە باس لە مەر هاتنی هونەرمەندی تورك ئیبراهم تاتلس بلاو بۆتەوە هەندێك دەلێن نرخی پلیتەکان گرانەو هەموو کەس ناتوانی بچێتە کۆنسیرتەکانی هەندێکی تریش دەلین دەبێت بە کوردی گۆرانی بلێت؟؟؟ هەندێکیش دەلێن من ناچم جونکە ئیبراهم تائێستا هیچ خزمەتێکی هونەری کوردی نەکردوە بەلکو هونەری کوردیشی دزیوە و پێشکەشی بیگانەی کردوە لەگەل گەرمی و نزیك بوونەوەی هاتنی ئیبراهم بۆ کوردستان هاولاتیان بەم شێوەیە بۆ کوردستان نێت دوان. . . .

ئاسۆ حاجی وەك رۆژنامە نوسێك دەلیت. . . . . . هاتن ونەهاتنی ئیبراهیم شتێکە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە پەیوەندی بەو کۆمپانیایە هەیە کەوا گری بەستی لەگەل ئەجام داوە بەلام هاتنی ئیبراهیم وەك کابرایەك کە لە نەتەوەی خۆی هەلگەراوەتەوە کابرایەکە بە هەموو مقیاسێك ئەگەر لەرووی نەتەوەیی تەماشای بکەین کابرایەکی خۆفرۆش وجاشە و بە درێژای چەندین سالە کەلتور هونەرو مۆسیاقای کوردی بەتالان بردووەو پێشکەشی بە نەتەوەیەکی تری کردوە کەوا نەتەوەکەی ئیبراهم دەچەوسێنیتەوە و خزمەتی دەسەلاتی تورکیای کردوە بۆیە بەرای من هاتنی ئەو تاقی کردنەوەیەکە بۆ شەقامی کوردی بەراستی چەند ژمارە زیاتر پێشوازی لەو کابرایە بکرێت ئەوندە بەدیار دەکەوێت کە کورد حەزی لە جاشایەتیی خۆفرۆشیە وە هەر مەسئولێك حزبی بێت حکومی بێت سیاسی بێت یان رۆشەنبیری بێت پێشوازی لەو کابرایەی بکات بێگومان لەوەی خۆفرۆشترو جاشترە ئاسۆ حاجی بەردەوام دەبێت ودەلێت. . .

ئەوان ئەو کۆمپانیایەی کە بە دوو ملیۆن گرێبەست لەگەل ئیبراهم تاتلیس دەکات نازنم لەج روانگەیەکەوە ئەو گرێبەستیە دەکات بەرای من ئەو کۆمپانیایە دەی توانی سی گۆرانی بێژی کورد لە ئەورپا بهێنیتەوە ئەوانەی هەموو تەمەنیان لە کوردیەتی و پێشمەرگایەتی تەرخان کردوە وە لە رووی مەکسەبەوەش ئەو کۆمپانیایە دەی توانی زیاتری دەست کەوێت جونکە ئەوان نیەتیان بازرگانیە بۆیە حکومەت جاکە ئاوەر لە خەلکی خۆی بداتەوە بەسە هەریەکێك خۆفرۆشێك لە ئەورپایە یان لە دەرەوەیە بەسە هەموو وەسەتەکان پر بوە لە کەسانی خۆفرۆش وە سەتی هونەری هەموو ئەو کەسانەن کەوا دزی لە حکومەت دەکەن ئێستاش کبرایەکی خۆفرۆش وجاش کە لەسەر کورد بە هیچ شێبوەیەك حیساب نیە نازانم رێزی لێدەگیرێت یان نا بەلام رێزی لێبگیرت ئەوە جێگای قبول نیە. . . .

هونەرمەند هەلبەست سەلاح دەلێت. . . . . زۆر سوپاس لە راستی هونەرمەند ئیبراهیم تاتلیس یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بابلێن خزمەتێکی گەورەی هونەری تورکی کردوە نەك هونەری کوردی لەگەل رێزم هاتنی ئەو ئەگەر وەك گۆرانکاریەك بێت یان وەك ئەو ئالو

گۆریە بێت كەوا لە نێوان ولاتان هەیە من بە كارێكی زۆر گەورەی دەزانم بەلام وای دەبینم هاتنی ئەو هونەرمەندە بۆ كوردستان زیاتر بۆ مەسەلە مادیەكەیە نەك مەسەلە نەتەوایەتیەكە خۆزكە هونەرمەند ئیبراهیم وەك هونەرمەندێكی كورد رووی لە كوردستان دەكرد بۆ ئەوەی هەمومان باوەشمان بۆ كردبایەوە چونكە وەك دەزان ئەو هونەرمەندە بەرجەلەك كوردە. . . . .

مامۆستای هونەرمەند سەیدئەحەمەد رواندزی دەلێت. . . ئەوەی من بیستومە كۆمپانیایەك هەلساوە بە داوەت كردنی ئەو هونەرمەندە كوردە بۆ شاری هەولێرو شارەكانی تر بەرای من ئەو پارەیەی تەخمەین كراوە بۆ ئەم كۆنسێرتە بەراستی گەورەترین پرۆژەی پی ئەنجام دەدرا واتا گەورەترین ستۆدیۆ بۆ دروست دەبوو بەراستی وە هەنگاوێكی جاكە بۆ بانگێشت كردنی هونەرمەندان لە ناوەوە دەرەوەی كوردستان بەلام ئەوەش ناگەیەنی هونەرمەندانی خۆمان لە ناوەوە فەرامۆش بكرین ئیمە لەم ماوەیە حەملەیەكی زۆر گەورەمان كرد لە رووی راگەیاندن لە ناو هونەرمەندان تا بتوانین چۆن تەسیری هونەری توركی یان عەرەبی لە نێو هونەرمەندانی كورد لە بیر ببەینەوە تاماوەیەك توانیمان لە رێگای گەنجە هونەرمەندەكانمان گۆی گری هونری كوردی لە دەنگی هونەرمەندانی بیگانە دوور بكەینەوە بەلام بەداخەوە ئەوان بە دەستی خۆیان دیسان واین كرد گۆی گری كوردی دور بكەنەوە لە دەنگە رەسەنەكان بەرای من رەنگ دانەوەی خراپی دەبێت لەسەر گۆی گرو ئارەزومەندانی هونەری كوردی لێرە من نارەزایی خۆم دەردەبرم بۆ ئەو ئیمكانیەتە گەورەیەی كە بۆ ئەو هونەرمەندە تەرخان دەكەن. . . . . . .

رێباز عوسمان وەك رۆژنامە نوسیك دەلیت. . . . . لەمەر هاتنی ئیبراهیم دوو بابەت هەیە یەكێكیان ئەو كۆمپانیایەی هێناویەتی وەك كۆمپانیایەكی ئەهلەی كەرتی تایبەت ئەو هونەرمەندی بانگیشت كردوە نابێتە دەعوەت نامەیەكی رسمی یان حكومی نیە با خەلك بە هەلە تێمان نەگات ئەوی تر ئەگەر لە رووی نەتەوایەتی سەیر بكەین پیم وایە نەتەوە فرۆشتن یان بونی وەتەنیات فرۆشتن بە هاتنی ئیبراهیم نیە ئیبراهیم هەمووومان دەزانین خزمەتی زیاتری هونەری توركی دەكات وەك دەزانن هونەرمەندانی كورد چ لە دەرەوە چ لەناوە شۆرشێكیان تازە بەرپا كردوە تا تاكی كورد دور بخەنەوە لە گۆی گرتن لە هونەری بیانی تازە ئەم كۆمپانیایە دەچێت هونەرمەندێكی بێگانە پەرستم بۆ دەهێنیت تا دیسان بگەرینەوە بۆ پاشەوە. . . .

هونەرمەند كاوە جەمیل پیی وایە. . . . هاتنی گۆرانی بێژیكی بیانی بلاو بوونەوەی هونەری بیانی دوبارە ئەنفال كردنی هونەری كوردیە جونكە ئەو هونەرمەندە بەهیج شیوەیەك خزمەتی هونەری كوردی ناكات و هیج مۆلكێكی هونەری كوردی پێوە نابینم جا من گلەییی لە لا یەنە بەرپرسەكان دەكەم كاتێك هونەرمەندێكی بیگانە دێت گرنگیەكی زۆر پێدەدرێت پارەیەكی خەیالی بۆ سەرف دەكرێت بەرای من ئەوە وەك ئەوە یە دیسان زمانمان ئەنفال بكەن با ئەو هونەرمەندە پێمان بلێن چ خزمەتێكی بە هونەری كوردی كردوە ئیچستاش جەندین گۆرانی كوردی دزیوەو كردویەتی بە توركی راستە دەلێن ئیبراهیم كوردە بەلام ج كوردێك كوردێك جەندین سالە خزمەتی هونەری بیگانە دەكات كوردیك بیست ملیۆن لە گەلەكەی لە ژیر دەستی ئەو كەسانەیە كە ئیبراهیم لە توركیا هەلیان دەپەریتیت جا ئیبراهیم پیم نالین ج كوردیكە یان ج جاشیكە بۆیە من بە كوردی نازانم و

بە هاتنی ئەویش زۆر نیگەرانم جونکە دیسان دەبێت گەنجانمان را بهێنن لەسەر گۆرانی بێگانە و دیسان گۆی لە کازم ساهیرو ئیبراهبم رابگرین بۆیە من پێم وایە کە ئیمرۆ ئێمە دەبێت کیانی خۆمان دروست بکەین نابێت بەم شیوەیە هونەرمان بفرۆشرێت جونکە دەبینن جۆن جەندین بەرپرس پیشوازی لیدەکەن بەلام بەداخەوە. . .

بەدرەدین هاولاتێکە دەلێت بەسەرێك خۆشحالم بەسەرێك خۆشحالنیم پێم خۆشە کەوا هونەرمەندێکی وا گەورە لە کوردستان کۆنسێرت دەگیرێت بۆیەش پێم ناخۆشە نەوەك ئەو هەموو خەلکە کەوا دەچن توشی کارەساتێك بێن وە پێم خۆش ئیبراهیم بە کوردی گۆرانی بلێت تا بۆ دوژمنان ئیسپات بکات کەوا ئەو کوردە. . . . .

مام قادر دەلێت. . . . من پێم وایە ئیبراهیم وەك کورد نایەت ئەگەر وەك کورد دێت باوەشی بۆ دەکەینەوە بەلام ئەو ئەگەر گۆرانیەکی کوردی بلێت پازدەی تورکی دەلێت بۆیە ئەو پارەیەی دەدەن بە ئیبراهیم دەتوان لە خۆمانی سەرف بکەن دەتوانن لە کەرکوکی سەرف بکەن دەتوانن بیدەن بە عارەبە هاوردەکان تا کەرکوك جی بهێلن بۆیە من پێم وایە ئەو بە سیاسەت دێتە ئیرەو دەیەوێت حکومەتی تورکیا لە خۆی رازی بکات بۆیە من پێم خۆش نیە کە دێتە ئێرە. . . . . . . . . .

مام مەجید دەلێت. . . . من پێم خۆش نیە کە دێتە ئێرە جونکە ئیبراهیم لە ریکلامەکەش بە کوردی قسەی نەکرد. . . .

قوتابی کارزان فەیەسەل دەلیت. . . . . ئیبراهیم بۆ ئێمەوە بۆ کوردان و بۆ ئێمە نایەت ئەو بۆ ئەوە دێت پارە لە ئێمە ببات ئەو بۆ سیاسەت دێتە ئێرە تا خۆی لە نێو ئێمە شیرین کات جونکە وەك دەزانن ئەو لە مێژە خزمەتی هونەری بێگانە دەکات جونکە ئەو لەگەل هونەرمەند شڤان خەلکی یەك شارن بۆ شڤان بە کوردی دەلێت ئەو بە تورکی دەلێت. . . .
کاك عومەر. . . . . . وەك گەنجێك دەلێت نەدەبا پلیتەکەی وە گران با وە پێم خۆشە کەوا هاتۆتە ئێرە وە دوا کارم گۆرانی بە کوردی بلێت تا خەلك بە زۆری بجێت تا ئێمەش تیی بگەین. . . . . . .

هونەرمەندی گەورە سابیر کوردستانی دەلێت. . . . . . بە هاتنی ئەو خۆشحالم ئەگەر بێت و خزمەتی گەلەکەی خۆی بکات وەك دەزانن ئەو تائیستا هیج خزمەتێکی گەلەکەی نەکردوە بۆیە ئەگەر لە داهاتوو خزمەتی هونەری گەلەگەی بکات ئەوا جێگای رێزە. . . . .

هونەرمەند ئاراز کۆییی دەلێت. . . . . . . . جێگای شانازیە بۆ هەمومان هونەرمەند ئیبراهیم ببینین بەلام ئەوەش ناگەیەنی ئەو برە پارە زۆرەی بۆ تەرخان بکرێت جونکە لێرە دەتوانرا جەندین فیستیفال وپێشبرکی بکرێت جا نازنم ئیبراهیم ج خزمەتێکی هونەرەکەی من دەکات و جەند دەتوانیت هونەری کوردی پێش بخات لەوانەیە دوو سی گۆرانی کوردی بلێت بەلام ئەوەش ناگەیەنێت کەوا ئەو بۆ خزمەت کردن هاتوە. . . . . . . . .
. . . . . . . . . . .
هاولاتی جومعە زرار دەلێت. . . . راستە ئیبراهیم هونەرمەندێکی گەورەی کوردە وە ئێمە شانازی پێوە دەکەین بەلام نرخێکی ئێکجار زۆر داندراوە بۆ پلیت برین بۆیە حەزمان

دەکردلەسەر داوەتێکی رەسمی بهاتەیە تا هەندێکیش گۆرانی کوردی بۆ ئێمە بگۆتبایە وەك دەلێن ئەو بە دوو ملیۆن دۆلار هاتوە کە دەکاتە دوو سەد دەفتەر دۆلار جا ئەو برە پارە زۆرە نە دەکرا لەسە شتێکی باشتر سەرف بکرابایە من حەزم دەکرد ئەو گۆرانی کوردی بگۆتبا تا خەلك زیاتر بجوبایە کۆنسیرتەکانی وە من پیم باشە هاتۆتە ئێرە. . . . . . . . . . . . . . . .

قوتابی گۆران سالح دەلێت. . . . . . لایەنە هونەریەکەی ئیبرام تاتلیس باس ناکەین بەلام لەوانەیە تەئسیری زۆری هەبێت لەسەر عەقلیەتی گەنجی کورد جونکە من پێم وایە ئەو وەك کوردێك ناهێتە ئێرە وە باوەرێك بۆ عەقلیەتی تورك دروست دەکات کەوا خەلك ج بۆ هونەرمندێکی تورك دەکات وە من پێم وایە ئەو سەروەت سامانێکی زۆر دەبات وو هیج جی ناهێلێت لێرە